# سەبەتەیەك برین

قوبادی جەلی زادە



من و و ژنەکەم (کۆیی) ن ..
بە یانیان "
بە ئاوی دوکان و
بە صابوونی رەقی سووریایی و،
بە شامپۆی فەرەنسی
قژمان دەشۆین !

کولیرە بە رۆنی سلیمانی و
ماستی هەولیرو
گوێزی هەورامان و
هەنگوینی قەندیل و
هێلکەی بەرازیلی دەخۆین .

من قات و بۆیمباغیچکی تورکی و
پیلاوێکی ئیتالی لە پیێ دەکەم .
ئەو دەستە جلێکی کۆنە دەکاتە بەری .
رەنگە هی ژنە میرێکی بەریتانی بوو بێت !
ئەو بە درووماني خەیاتەکانی شار
قایل نیە !!

بە سواری مارسدیسێکی ئەلەمانی ،
لە گەراج دەردەچین .

ئەو ئەندازیاری کشتووکالییە و
لە فەرمانگەی (بیگرە) دادەبەزێ !
منیش ، دادوەرم و
دواي سلاوی پۆلیس
_ کە شرقە لە کلاشنکۆفیکی رووسیەوە هەلدەستێنێ _ ،
خۆم دەکەم بە تەلاری دادا
کە بەلیندەرێکی عارەب دروستی کردوە .

**نیوەرۆیانیش ،**
**كە بەرەو ماڵ دەبینەوە ،**
**ئەو باسی ، وشكە ساڵی و**
**ئەنفلۆوەنزای باڵندە و**
**بەنداوی دەربەندیخانم بۆ دەكات .**
**ئەو دەڵێ :**
**لەبازاری سلێمانیدا ،**
**توور ی ئێرانی لە مۆزی صۆمالی گرانترە !!**
**ئەو دەلێ :**
**جوتیارەكان ، بون بە پۆلیس لە بەغداو**
**شوانەكان بە حرس حدوود لە باشماخ و**
**تەرمی كشتوكاڵیشیان بردەوە بۆ ،**
**حەوویجە !!**

**منیش باسی ،**
**_ مێرمنداڵێكی هەتیوی ، دەست بە كەلەپچە**
**كە هاندێكی موبایلی دزیوە !**
**_ ژمارەی ئەو فیشەكانەی كە بە سەر سینگی**
**كچێكی عاشقی پاكیزەوەن !**
**_ فەراشێك ، _ لە قەفەسی ئیتهام دا _**
**گوایە لەبەر دەم خەستەخانەیەكدا ،**
**تەنیا پێنج هەزار دیناری بەرتیل وەرگرتوە .**
**من بە ژنەكەم دەڵێم :**
**تۆڕی داد ، _ پێچەوانەی تۆڕی ماسی " _**
**تەنیا گوناهبارە بچكۆلەكانی پێوە دەبن !!**

**من و هاوسەرەكەم ..**
**سەرمان دەئاوسێ لە داخا ..**
**یان لە لۆقنتەی ( قەددوری ) نان دەخۆین ،**
**یا**
**نەفەرێك كەبابی ( وەستا گوررون ) دەبەینەوە .**

**من ، لە باوەشی حاجی قادر گەورەبووم ،**
**تا ووشەیەك دەدۆزمەوە ، _ با _ ی پێ نەكەوتبێت "**

بەر پشتێنی هەموو فەرهەنگەكان دەگەڕێم .

ئەو لە سەر سفرەی جەواهێری پەروەردە بووە و
ئاوا باسی روەك دەكات :
(( ئەو نەباتە ڤللیە جۆووری ئەوەندە رەقیقە ، لە توربەی
رەملی نەبێ تەشەعوب ناكات !!! ))

دەنوین ، بەڵام باوەش بە یەكترا ناكەین ..
ئەو بریندارە ،
شێرپەنجە ، قژی دروێنە كردووەو
مەمكی داوەتەبەر چەقۆ و
سینگی كردووە بە كەلاوە !!
لەبری ئەوە ...
لەچكێكی پەمەیی و
شرمێكی پرتەقاڵی و
ترسێكی مۆری داوەتێ .
ئەو دەستی دەخاتە دەسمەوە و
پێی وایە :
دنیا هەر پیاوێكی تیایە ...

كەچی خەیاڵ ..
خەیاڵی بێ ویژدان
خەیاڵی بێ ئابڕوو
خەیاڵی خائن "
من دەباتە بەر رێزە بەرێزەی بارانێك ،
كە هەر دلۆپێكی ، ژنێكە ..
ژنێك ... ،
ژنێكی رووت
رووت
رووت !!